# بەزستان جارێك دەوترێت سارده، بەمارێنزیش جارێك دەوترێت سوپاس. ؟

موحسین ئەدیب

کورد دەڵێت (بەزستا ن جارێك دەوترێت سارده) بەڕای من ئەگەر چەند بارەت کردەوە کۆمەلێك دەلالەت بەدەستوە دەدات :



- کەم دەرکیت چونکە ئەوە لەشتە بەلگە نەویستەکانە زستان ساردەو بڕایەوە.
- دەستەو سان و کەم تەرخەمی چونکە لەبری ئەوەی کات بەوەوە بکوژیت و رستەیەکی سواو دوبارە کەیتەوە سەرقاڵی رێگاکانی خۆپاراستن بە لەسەرماو خۆت بپێچەرەوە.
- دەست پان کەرەوەو بەتەکلیفی چونکە زۆر دوبارەکردنەوەی شتێك جۆرێك لەداوای فریاکەوتنی پێوەدیارە ئەوە دەردەخات باوەڕت بەخۆت نیە گرفتەکانی خۆت چارەسەربکەیت.
- بەتاڵی وبێموبالاتی بەرامبەر شتەکانی دیو خۆبەخاوەنی کێشەکانی دی نازانیت.

ئەگەر چی لەوانەیە جۆرێك لەنا تەبایی هەبێت لەنێوان ئەم پەندە کوردییەو (سوپاس کردنی مارێنز) دا، بەلاّم خەریکە لەزۆر رەوەو وەك یەکیان لێبێت، چونکە ئەوەندە سوپاس کردنی مارێنزیش بخوازین یان نا چەند دەلالەتێك دەدات بەدەستەوە کەهاوچەشنی هەمان دەلالەتی پەنندی ئاماژەپێکراوە، بڕوانە زۆر سوپاس کردنی مارێنز وامان لێدەکات دەرهاوێشتە نێگەتیڤەکانی مارێنز نەبینین، سەیرکە وامان لێدەکات بۆخۆمان نێگەتیڤبین وبیر لەوەنەکەین ئەگەر مارێنز ئەرکی خۆی بەجێگەیاند ئەی دەبێت ئەرکی ئێمە چیبێت؟ تەماشاکە زۆر سوپاس کردنی مارێنز لەڕوی دەرونیەوە هێندە پڕماندەکات لەمنەت کە رومان نەیەت هیچ داواکاریەکمان هەبێت لەمارێنز، رەخنەیەك لەهەڵسوکەوتەکانی بگرین، ئەوتا مارێنز دێت و لەودیو دەرگاکانەوە لەگەڵ سیاسیەکانماندا کۆدەبێتەوە بێئەوەی هیچ حسابیك بۆ رۆشنبیرو خەڵکانی مەدەنی بکات، بەلاّم ئێمە لە سەرقاڵ بونما ن بەسوپاسەوە بیرمان لەوە نەکردەوە رایەکی گشتی دروستبکەین و رێپیوانێکی هێمنانە رێك بخەین ولەلایەکەوە پێیانبلێین لەم ولاّتەدا بەتەنها سیاسیەکان نین سەرنوبشتی ئێمە دیاریدەمەن بەلکو ئێمەش هەین وگوزارشت لەرۆحی ئەو میلەتە دەکەین کە ئێوە هیچ حسابێکی بۆ ناکەن، لەلایەکی دی هەم فشارو هەم پالّپشتێك دەبێت بۆ سیاسیەکان کە بوێرانە پی ٚلەسەر داواکاریەکانی میلەت داگرن.

چەند جوان بوو یەکەمین جار گوڵبارانی گارنەرو بریمەر مان کرد لەوە جوان ترو زیندوترئەوە بوو لە دووەمین جاردا داواکاری بارانمان بکردایە بەتایبەتی لەم قۆناخە ناسکەدا کە نەخەشە بۆ داهاتومان دادەنێن ودەستورمان بۆ دادەرێژن، ئایا هیچ داواکاریەکمان نیە ؟ هیچ گلەیەکمان لە دارێژەرانی ئەو دەستورە نیە ؟هیچ تێبینیەکمان لەمەتنی ئەو دەستورە نیە کەوادانراوەیەکیٚ لە برِگە سەرەکیەکانی بریتی بێت لە (العراق غير قابل للتجزئة) ؟ زۆر گرنگ نیە یاسا ناسان وروشنبیران رەهەندە کانی ئەو دەستورە رون کەنەوە بۆ خەڵك پێیان بلّێن لە داهاتویەکی نزیکدا چۆن گیر دەخۆین هەر بۆ نمونە بەدەست ئەم برِگەیەوە ؟ ناکریٚ بۆ ئەم شتە چارەنوسسازانە کار بۆ ریفراندۆمێکی جەماوەری بکەین ؟ ئەمانە و زۆر شتی تریش زەرورن بەلاّم دەرئەنجامی رۆچونمان بەسوپاسی مارینزەوە لەبیرمان چونەتەوە یاخود هەر بەخەیالّماندا نەهاتوون.

بێگومان من ئەم سوپاسە بەتەنها لەستونی رۆژنامەیەك و وتارێکی تەلەفزیۆنی و بانگهێشتکی سیاسیدا گوتاری حیزبەکاندا نابینم بەلّکو ئەم رۆچونە لەسوپاسی بەرامبەرو منەت بارکردنی خوددا لەکۆی کایەکانی کۆمەلّگادا بێبەرنامە دەبینرێت، بە جۆرێك کە بێباکانە سەرجەم هیواکانمان بە قەد مارێنزەوە هەلّواسیوە وخۆمان پالّمان لێداوەتەوە بەداخەوە رۆشنبیر پشکی شێری بەرکەوتووە. واتە کێشەکە ئەمەیە کەئێمە هێشتا قۆناغی ستایش کردنی دەسەلاّتمان تێنەپەڕاندووە، هەنوکەش لە ئەبجەدیاتی خەبات نەگەیشتوین کە (ماف نادرێت بەلّکە دەسەندرێت) ئیدی بەهەرشێوازێك بێت.

ئەو کاتەی زۆرینەی گەلانی دنیا دەیان ووت نابۆ جەنگی عێراق ئێمە دەمانووت بەڵێ، حەقمان بوو. . . .

ئەو کاتەی عێراقیان بۆ ئازاد کردین و بەگەرمیەوە پێشوازیمان لێکرلادن بەخێرهاتنمان کردن، حەقمان بوو. . . .

حەقمان بوو بەرێگای رەسمی ونارەسمی گوڵباران وسوپاس بارانمان کردن، . . . .

بەلاَم زیاتر لەوانە حەقمانە و ئەرکی سەرشانیشمانە هەر هیچ نەبێت داواکاریەکمان فۆرمەلەبکەین، پرسی جدی ئاراستەی ئەوچوارچێوە سیاسیە بکەین کە ئایندەی عێراق لە خۆدەگرێت، ئەرکە لەسەرمان رەهەندەکانی ئەو فیدرالیزمە بزانین ودانوستانی لەسەر بکەین کە مارێنز بەنیازیەتی پێمان رەوابببینێ، دەبێ کارلەسەر مەترسیەکانی عێراقچیەتی بکەین خەلك ومارێنزیشی لێئاگاداربکەینەوە عێراق بۆ ئێمە چی دەگەیەنێ ؟ئەرکە لەسەرمان لەبری ئیفرات لەستایشدا بە مارێنز رابگەیەنین ئەم هەرێمەی ئێمە خسوسیەتی تایبەتی خۆی هەیە ئەرکی ئێوەیە دانی پێدابنێن وداکۆکی لێبکەن نەك لەهەموو رویەکەوە بکارن بۆ تواندنەوەمان لەو جوگورافیایەی ناوی عێراقە.

داوا زۆرەو مەسەلەکان لە نێوان ئێمەو مارێنزدا زۆر لەوە گەورەترن بە سوپاس وستایش بەبن بەست بگەن، ستراتیژی ئیدارەی ئەمریکاش بە سۆزگەرایی‌و زمانی شیعرمەساری خۆی ناگۆرێت بەلاَم دوور نیە کاری سستماتیکی و فشاری خەلك و باوەڕو خۆڕاگری لەسەر داوا رەواکانمان کاریگەری خۆی بەجێبهێلێت.

muhsinadib@yahoo.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت